# ✻ ماسیی یەکی گاڵتەباز ی زیرەك ✻

نوسینی / ڕێبێکە جۆنسۆن
وێنەی / ستیف پەریش
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە/ عەبدوڵا سلێمان((مەشخەڵ))



ئەم ماسییە گاڵتەبازە بچووکە تەواو هەستی بە عاجزی دەکرد،تەنها یەك هاوڕێی هەبوو ناوی ((ئەنیمۆنە)) بوو.

لەناو مووە ژەهراوییە پێوەنووساوەکانی ((ئەنیمۆنە))دا هەستی بە ئارامی ئەکرد.

هەروەها ((ئەنیمۆنە)) ش خۆشی دەویست وئەو خواردنانەشی پێ خۆش بوو کە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنا.

ماسییەکی گاڵتەبازی تریش هەبوو لەو دوورو بەرە،هەندێ بەشی پرتەقاڵی و ،

هەروەها هێڵی شینی پێوە بوو.

ماسییەکی گاڵتەبازی تریش هەبوو ڕەنگی ڕەش بوو و کلکێکی بچووکی سپی پێوە بوو.

هەندێك لەو بڕوایەدا بوون کە لەوانەیە هونەرمەند پەڕەکانی ڕەنگ کردبێ.



بەلام ماسییە گاڵتەبازەکە بەشوێن هاوڕێیەتی یەوە بوو ،بۆیە بڕیاری دا بۆ مەلەکردن بچێتە بەربەستە بەردینەکانی نێو دەریا.

ماسییەکە ماسییەکی ڕەنگ سیلڤەری بینی کە زۆر دەبریسکایەوە



**و ماسییەکی زۆر جوانی تری ئاڵایی بینی کە پەڕێکی سپی درێژی هەبوو، هەروەها ماسییەکی تری زوڕنایی ڕەنگ زەردی بینی کە لووتێکی درێژی هەبوو ،بینی پەریە ماسی لەگەڵ گەورەبوونی مەرجانەکاندا سەما دەکەن،و هەروەها گەلێ ئەستێرە ماسی ڕەنگاوڕەنگی بینی**



**کە دەیانتوانی ئاسمان ڕووناك بکەنەوە. چەند پەپوولە ماسییەکی تری بینی بەخلیسکانەوە بەتەنیشتییەوە ڕەتبوون و هەروەها ماسییە پاککەرەوەی بینی کە سەرقاڵی کاروباری خۆی بوو بۆ یارمەتیدانی ئەوانی تر بۆ ئەوەی جوانتر و گەشتر بنوێنن.**

**ئەو کات بەبیریدا هات گوزەران بەو شێوەیە بێمانایە و ئەمیش زۆر تەنیایە،ئەکات لەنێو ((ئەنیمۆنە))ەوە بەشەرمەوە ماسییەکە ووتی((سڵاو)) و لێدانی دڵیشی زیادی کرد.**



**جا ئەگەر تۆ بەوردی بڕوانی کاتێك لەنێو دەریادا مەلە ئەکەی ، لەوانەیە ئەو ماسییە گاڵتەبازە وئەو خێزانە گەورەیە ی ماسییەکان ببینی.**

**سەرچاوە/**

Clever Clownfish

Story by Rebecca Johnson
Photo by Steve Parish
Printed in Australia 2003